کەلەپووری سۆشیالیستی

# شۆڕشی کۆمەڵایەتی



## کارل مارکس


کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: ئەنوەر نەجمەدین

جونی ٢٠١٦

کۆکردنەوەیەکە لە دانراوەکانی کارل مارکس دەربارەی "شۆڕشی کۆمەڵایەتی"

# شۆڕشی کۆمەڵایەتی

کارل مارکس



کەلەپووری سۆشیالیستی

ناوی کتێب: شۆڕشی کۆمەڵایەتی

ناوی نووسەر: کارل مارکس

وەرگێڕانی لە عەرەبی و ئینگلیزیەوە: ئەنوەر نەجمەدین

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی بینانیی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ١٤٧٩ ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە.

**لەسەر ئەرکی هاوڕێم: (بەختیار ڕەشید) لە چاپدراوە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا، لە هەڵبجەوە چۆتە ئەڵمانیا.**

# خوێنەری بەڕێز !

**تێبینی و ڕەخنەکانتان لەسەر بابەتەکان، شێوازی وەرگێڕان، شێوەی خستنەڕوو، جێگای سوپاسێکی ئێجگار گەورەیە**

Email: anwar.nori@gmail.com

Anwar Nori | Facebook

# پێڕست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| شۆڕش چیە؟ | ٧ |
| شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی | ٨ |
| شۆڕشە برجوازیەکان و شۆڕشە پرۆلیتاریەکان | ١٠ |
| پرۆلیتاریاو شۆڕش | ١٣ |
| شۆڕشی کۆمۆنە | ١٦ |
| بیرەوەری شۆڕشی کۆمۆنەی ١٨ ی ئازاری ١٨٧١ | ٤١ |
| بۆ لۆدفیک کۆگڵمان (لە هانۆڤەر) | ٤٣ |
| هۆکاری تێشکانی شۆڕشی کۆمۆنە | ٤٥ |
| شۆڕشی ڕووسی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی کۆمۆنە بوو | ٤٧ |
| دیارترین بەرواره زەمەنیەکانی کۆمۆنە | ٥٠ |
| شۆڕش نەک ڕەخنە هێزی بزوێنەری مێژووە | ٥٥ |

# شۆڕش چیە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لە کارل مارکسەوە، ناوەڕۆکی ئەم باسەو ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەم کۆکردنەوەو وەرگێڕانەیە کە دیدگای مێژوویی ماتریالیستەکان، دەربارەی شۆڕش ڕوون دەکاتەوە، شۆڕش بەو واتایەی وەرچەرخانێکی مێژوویی بنەڕەتیە، نەک گۆڕانکاریەکی سیاسی، وە یان وەک دەڵێن: "شۆڕشی سیاسی".

کردەی شۆڕش ڕووخاندن و هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵگای کۆنە بە هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و سیستمی بریاردانەوە، ئەمەیش بە خستنەبری سیستمی خۆبەڕێوەبردن بۆ جێگای سیستمی سیاسی بیرۆکراسی و مشەخۆر. هەر بەم واتایە، شۆڕش هەمیشە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەوەیە مارکس ناوی دەبات بە "شۆڕشی کۆمەڵایەتی".

مارکس دانراوێکی نیە بەناوی: "شۆڕشی کۆمەڵایەتی"، بەڵکو ئەمە کۆکراوەی ژمارەیەک باسی هەمە جۆرەی نێو دانراوەکانیەتی دەربارەی شۆڕش.

کارل مارکس، بە باسکردن لە مێژووی شۆڕشە برجوازی و شۆڕشە پرۆلیتاریەکان و جیاوازی مێژوویی نێوان ئەرکەکانی ئەو شۆڕشانە، زۆر ووردبینانە، وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەمان دەداتەوە: شۆڕش چیە؟

# شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی

.. شۆڕش بە گیانێکی سیاسیانەوە، وە بەپێی سروشتێکی سنووردارو دوولایەنەی ئەو گیانە، توێژێکی سەروەر لە کۆمەڵگا ڕێکدەخات لەسەر حیسابی کۆمەڵگا خۆی ...
شۆڕشی "کۆمەڵایەتی" بە گیانێکی سیاسیانەوە؛ تەنها ڕیزکردنی ووشەی بێمانایە ئەگەر "بروسی" مەبەستی لە شۆڕشی "کۆمەڵایەتی" شۆڕشێکی "کۆمەڵایەتیە" بەپێچەوانەی شۆڕشی سیاسیەوە، وە ئەگەر بیەوێت گیانێکی سیاسی بدات بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لەبری گیانێکی کۆمەڵایەتی. "شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە گیانێکی سیاسیەوە"، تەنها داڕشتنێکی نوێیە بۆ ئەو شتەی کە جاران ناویان دەبرد بە "شۆڕشی سیاسی"، یان تەنها "شۆڕش".

هەر شۆڕشێک کۆمەڵگای کۆن پڕووخێنێت، بەو ئاستە کۆمەڵایەتیە، هەر شۆڕشێکیش تەنها دەسەڵاتی کۆن پڕووخێنێت ئەوە بەو ئاستە تەنها مۆرکێکی سیاسی لەخۆگرتووە.

دەبا ئیتر "بروسی" خۆی یەکێک هەڵبژێرێت لە نێوان ئەم داڕشتنە نوێیەو سەخافەتدا!

**سەرچاوە**: كارل ماركس، ملاحظات انتقادية على مقالة "البروسي"، ١٨٤٤/٧/٣١
"بروسی" ناوی نهێنی "ئارنۆڵد رۆغە" یە.

# شۆڕشە برجوازیەکان و شۆڕشە پرۆلیتاریەکان

شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەم .. ناتوانێت لە خودی خۆیەوە دەستپێبکات هەتا هەموو ڕێزێکی ئەفسانەیی بۆ ڕابووردوو لە خۆی دانەماڵێت. شۆڕشەکانی ڕابووردوو پێویستیان بە وەبیرهێنانەوەی یادگارەکانی مێژووی کۆنی جیهانە هەتا ناوەڕۆکە تایبەتەکەی خۆیان بخنکێنن. بەڵام شۆڕشی سەدەی نۆزدەهەم لەسەریەتی واز لە مردووەکان بهێنێت مردووەکانیان بنێژن هەتا بگاتە خودی ناوەڕۆکەکەی خۆی ...

شۆڕشە برجوازیەکان، شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەم، لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر شەپۆل دەدەن، هەر یەکێک لە شوێنەوارە دراماتیکیەکانیشی بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبن .. - بەڵام تەمەنی ئەم شۆڕشانە کورتن.

شۆڕشە پرۆلیتاریەکان، شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەردەوام ڕەخنە لە خۆیان دەگرن، بەردەوامیش لە ڕۆیشتنیاندا هەڵوێستەیەک دەکەن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە، وە زۆر بێڕەحمانەیش دەکەونە گاڵتەکردن بە چارەسەرە نیوەناچڵەکان و لاوازیەکان و کۆششە سەرەتاییەکانیان.

**سەرچاوە:**

لە ئینگلیزیەوە: کارل مارکس، The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte. Karl Marx 1852

خاوەندارێتی تایبەتی وەک خاوەندارێتی تایبەتی، وەک سامان، ناچارە بە پارێزگاری کردنی خۆی، واتە بە پارێزگاری کردنی دژەکەیشی لە بووندا کە پرۆلیتاریایە ...

پرۆلیتاریایش لە لایەنی خۆیەوە، وەک پرۆلیتاریا ناچارە بە لەناوبردنی خۆی و لەویشەوە لەناوبردنی دژەکەی، لەناوبردنی مەرجی بوونی خۆی، ئەوەی دەیکاتە پرۆلیتاریا، واتە خاوەندارێتی تایبەتی ...

چینی خاوەندارو چینی پرۆلیتاریایش نوێنەری هەمان ئیغترابی زاتی ئینسانیین. بەڵام لەم ئیغترابە زاتیەدا، چینی یەکەم، مەحکەم بوون و گەشانەوەو هێزی تایبەتی خۆی دەبینێت: ئەو چینە لە خۆیدا هەبوونی ئینسانیەت دەبینێت. بەڵام چینی پرۆلیتاریا لەو ئیغترابە زاتیەدا هەستی تێکوپێکشکاوی دەکات، بەڵکو لاوازی خۆی و حەقیقەتی بوونی نائینسانی تێدا دەبینێت ..

ئا لەم دژەدا خاوەنداری تایبەتی نوێنەری لایەنی خۆپاریزە، پرۆلیتاریایش لایەتی ڕووخێنەر. وە لەکاتێکا یەکەمیان پارێزگاری لەو دژایەتیە دەکات، دووهەمیان هەڵدەستێت بە شکاندنی.

لەڕاستیدا خاوەندارێتی تایبەتی، لە بزووتنەوە ئابووریەکەیدا، خۆیشی پاڵ بەخۆیەوە دەنێت بەرەو لەناوچوون، بەڵام ئەمە بەهۆی پێشکەوتنێکەوە کە ئەو خۆی بێئاگایە لێی، بەڵکو دژی ئیرادەی ئەوە، ئەمە بەهۆی سروشتی ڕاستەقینەی شتەکان خۆیانەوە ڕوو دەدات. وە هەر لەبەر ئەوەی خاوەندارێتی تایبەتی، پرۆلیتاریا وەک پرۆلیتاریا بەرهەمدەهێنێت .. ئەوا بەوە

مەرجی لەناوچوونی خۆیشی بەرهەمدەهێنێت .. پرۆلیتاریایش هەمان فەرمان بەسەر خۆیدا ئەدات کە خاوەندارێتی تایبەتی، بە دروستکردنی پرۆلیتاریا، ئەو فەرمانەی داوە بەسەر خۆیدا، ئەمە هەروەک چۆن پرۆلیتاریا، بە بەرهەمهێنانی سامان بۆ خەڵکی ترو عەزاب بۆ خۆی، ئەو فەرمانە بەسەر خۆیدا جێبەجێ دەکات کە کاری کرێگرتە بۆ خۆیی دەرکردووە. وە لەکاتێکا پرۆلیتاریا سەردەکەوێت لە هیچ حاڵێکدا نابێتە لایەنی سەروەر بەسەر کۆمەڵگادا، چونکە ئەو بەسەر خۆی و دژەکەیشیدا سەرکەوتووە. وە ئیتر پرۆلیتاریا وون دەبێت، ئەمە هەروەک چۆن دژەکەیشی، خاوەندارێتی تایبەتی، کە بوونی ئەو دیاری دەکات، وون دەبێت.

کاتێک نووسەرە سۆشیالیستەکان ئەم ڕۆڵە پاڵەوانێتیە دەگێڕنەوە بۆ پرۆلیتاریا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ئەوان پرۆلیتاریەکان بە خواوەندێک دادەنێن. بەڵکو بە پێچەوانەوە، مادام ڕووتبوونەوە لە هەموو ئینسانیەتێک و ڕووخساری ئینسانییش، بەکردەوە لە پرۆلیتاریایەکی کامڵدا ڕوویداوە، مادام مەرجەکانی ژیانی پرۆلیتاریا هەموو مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بە هەموو نائینسانیەتەکەیەوە، لە خۆیدا کورت دەکاتەوە، مادام مرۆڤ خۆی لە پرۆلیتاریادا وون کردووە .. ئەوا پرۆلیتاریا ڕاستەوخۆ ئامادەی شۆڕشە دژی ئەو نائینسانیەتە؛ ئەوەیش ئەو دەرئەنجامە ئەداتەدەست کە پرۆلیتاریا دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات، وە دەشبێت خۆی ڕزگار بکات. بەڵام ئەو ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات بەبێ سەرکەوتن بەسەر مەرجە تایبەتەکانی ژیانی خۆیدا، بەبێ سەرکەوتن بەسەر هەموو مەرجە نائینسانیەکانی ژیانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا کە بە چڕی لە وەزعی پرۆلیتاریادا کورت دەبێتەوە.

بۆیە هیچ بەفیڕۆیش ناڕوات ئەگەر پرۆلیتاریا بە قوتابخانەیەکی سەختدا تێبپەڕێت، قوتابخانەیەک کە هێزێکی زیاتری پێدەبەخشێت. مەسەلەکەیش ئەوە نیە ئایا ئەم یان ئەو پرۆلیتاری وە یان هەموو پرۆلیتاریایش چ ئامانجێکی وەختییان هەیە. بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە: پرۆلیتاریا لە چی پێکدێت؟ وە ناچارە وەک دەرئەنجامی ئەو پێکهاتەیە، چی بکات. ئامانج و کارە مێژووییەکەی پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی حەتمی و بە ڕوونییش، لە ژیانی تایبەتی خۆی و هەموو ڕێکخستنی کۆمەڵگای برجوازیی هاوچەرخدا دەردەکەوێت.

**سەرچاوە:** كارل ماركس، العائلة المقدسة

# شۆڕشی کۆمۆنە

لە بەرەبەیانی ١٨ ی ئازاردا، پاریس هەروەک هەورەبروسکە ڕاپەڕی و هاواری کرد: "بژی کۆمۆنە!"[1]، دەبێت کۆمۆنە چی بێت وا هەروەک باوکی ترس[2] ئەم لەغزە قورسەی لەسەری برجوازیەکاندا دروستکردووە؟ ...

دەسەڵاتی سێنترالیزە کراوی دەوڵەت و ئۆرگانە ئامادەبووەکانی لە هەموو شوێنێک، کە ئەمە لەسەر پرنسیپی دابەشبوونی کار وەستاوە، دابەشبوونێکی ڕێک وپێکی پلە بەندکراو: بە سوپا هەمیشەییەکەی و پۆلیس و بیرۆکراسیەت و پیاوانی ئاین و ئۆرگانە دادوەریەکانیەوە، ئەمە لە ئەسڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پادشایەتیەکی ڕەها، بۆ ئەوکاتەی کە سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی برجوازی تازەدەرکەوتوو، هەروەک چەکێکی قورس وابوو، لە خەباتیدا بەکاریدەهێنا دژی دەرەبەگایەتی. بەڵام ئەمە بە هەموو جۆرە پاشماوەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست، ئیتر هەر لە مافی ڕەهای سەروەرەکان و ئۆرۆستۆکراسیەکانەوە لە زەویوزاردا تا بە ئیمتیازاتە ناوخۆییەکان و مۆنۆپۆلی شارەوانیەکان و فابریکەو یاسا هەرێمایەتیەکان دەگات، بەربەستی پێشکەوتنی دەکرا. شۆڕشی فەرەنسی سەدەی هەژدەهەم، هەموو ئەو پاشماوە دواکەوتووە بەسەرچووانەی سەدەکانی ڕابووردووی ڕامالّی و هەربەو شێوەیەیش دواین بەربەستی ئەو بنکە کۆمەڵایەتیەی لەنێو برد ....

---

1. کۆمۆنە لە ١٨ ی ئازارەوە هەتا ٢٧ ی مایسی ١٨٧١، ئیدارەی پاریسی گرتەدەست لە فەرەنسادا. ئەو تەقینەوە شۆڕشگێریەیش وەک دەرئەنجامی جەنگی فەرەنسی – بروسی و دۆڕانی ناپلیۆنی سێهەم بوو لە جەنگداو هاتنە ناوەوەی سوپای بروسی بۆ نێو پاریس (وەرگێڕ).

2. باوکی ترس (ابو الهول - Sphinx) لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا بوونەوەرێکە لە جەستەی شێرو سەری مرۆڤ پێکهاتووە (وەرگێڕ).

.. وە بەو ئاستەیشی پێشکەوتنی پیشەسازی نوێ، ناکۆکی چینایەتی نێوان کارو سەرمایەی پێشدەخست و فراوانی دەکردو قووڵی دەکردەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتیش زیاترو زیاتر مۆرکی دەسەڵاتی سەرمایەی نەتەوەیی لەخۆدەگرت بەسەر کاردا، مۆرکی هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو لە پێناوی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیدا، مۆرکی ئامرازی زاڵبوونی چینایەتی. وە دوای هەر شۆڕشێکیش کە پێشکەوتنێکی لە خەباتی چینایەتیدا تۆمار دەکرد، مۆرکی چەوسێنەرانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بە تەواوی ڕوون دەکردەوە. شۆڕشی ١٨٣٠ دەسەڵاتی لە خاوەن زەویوزارەکان داماڵی و گواستیەوە بۆ دەستی سەرمایەداران، واتە لە دەستی دوژمنە دوورەکانی چینی کرێکارەوە بۆ دەستی دوژمنە ڕاستەوخۆکانی. ئەو برجوازیانەیشی بەناوی شۆڕشی شوباتەوە دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بە قەسابخانەکەی حوزەیران، ئەو شۆڕشەیان کردە گاڵتەجاڕیەک بۆ ئەوەی چینی کرێکار دڵنیا بکەنەوە کە کۆماری "کۆمەڵایەتی" هیچ نیە ئەو کۆمارە نەبێت کە کۆیلایەتی ئەو چینەو پاشکۆیەتیەکەی مسۆگەر دەکات؛ وە بۆ ئەو دەستەو تاقمە برجوازیانەشیان دەربخستایە کە مەیلێکی پادشایەتییان هەبوو یان چینێکی خاوەن زەوی بوون؛ ئاسوودەو بێخەم کاروباری ئیدارەو دارایی بۆ برجوازیە "کۆماریەکان" جێبهێڵن .. کۆماری پەرلەمانییش وا هات فۆرمێکی گونجاو بێت بە حکومەتەکەیان کە هەروەک کۆمپانیایەکی پشکدار وابوو بە سەرۆکایەتی لویس بۆناپارت .. وە ئەگەر کۆماری پەرلەمانی، وەک مستر تییر گووتی، ئەو شێوەیەی حوکم بێت کە "(هەموو بەشەکانی چینی دەسەڵاتداری) کەمتر لەوانی تر دابەش کردبێت"، ئەوا ئەو کۆمارە قڵیشێکی کردە نێوان ئەو چینە ژمارەکەمەو هەموو

جەستەی کۆمەڵگا .. وە ئیتر یەکێتی ئەو چینە هەموو ئەو ڕێگریانەی لەنێوبرد کە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی، لە سەردەمی حکومەتەکانی رابووردوودا، سەپاندبووی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا؛ وە لە ترسی هەڕەشەکانی پرۆلیتاریا، ئەم چینە موڵکدارە یەکگرتووە دەسەڵاتی دەوڵەتی وەک ئامێرێکی نەتەوەیی پیس و چەپەڵ بەکاردەهێنا لە جەنگی سەرمایەدا دژی کار. ئەم هێرشە خاچدارە بەردەوامەیشی دژی جەماوەری بەرهەمهێن، ناچاری دەکرد بە بەردەوامی دەسەڵاتی سەرکوتکردنی زیاتر بداتە دەست دەسەڵاتی جێبەجێکار ..

ئەو ئیمپراتۆریەتەی کۆدەتایەکی کردە شاهیدی لەدایک بوونی خۆی، وە خۆی لەهەڵبژاردنی گشتیدا دەنواند، شمشێریش سۆڵیجانەکەی[3] بوو، وای دادەنا لەسەر ئەو جووتیارانە وەستاوە کە بەشی زۆری بەرهەمهێنەرانیان پێکدەهێنا، ئەوانەی کە هێشتا لە ناکۆکی ڕاستەوخۆی سەرمایەو کارەوە نەگلابوون، وە وای دادەنا سەرکەوتنی بەسەر پەرلەمانتاریزمدا ڕزگارکەری چینی کرێکارە .. وە دواجار وای دادەنا کە هەموو چینەکانی یەکخستووە، ئەمەیش بە زیندووکردنەوەی وەهمی درۆی نەمریی نەتەوەگەرێتی .. وە هەموو جیهانیش هەلهەلەی بەو ئیمپراتۆریەتە لێدەدا بەو واتایەی گوایە ڕزگارکەری کۆمەڵگایەو لەژێر دەسەڵاتی ئەودا، کۆمەڵگای برجوازیی ڕزگار کردووە لە دڵەڕاوکیی سیاسی، گەیشتۆتە پلەیەکی ئەوەندە بەرز لە پێشکەوتن  کە خەویشی پێوە نەدەبینرا .. ئەمە لەکاتێکا دەسەڵاتی دەوڵەت، کە لەسەروو کۆمەڵگاوە هەڵواسرابوو، ناشیرینترین ناوزڕێنراوو شێوەی گەندەڵیی ئەو کۆمەڵگایە بوو .. سیستمی کۆلۆنیالیزمیش دواین شێوەی دەسەڵاتی دەوڵەت

---

[3]. سۆڵیجان دارعاسای دەستی پادشایە وەک هێمای دەسەڵاتەکەی (وەرگێڕ).

بوو که کۆمەڵگای برجوازی تازەپێگەیشتوو دروستی کردبوو، ئامرازێک بوو بۆ ڕزگاربوونی لە چنگی دەرەبەگایەتی. ئەو برجوازیەتە، دوای ئەوەی گەشەی تەواوی کرد، ئەو دەسەڵاتەی کردە ئامرازی چەوساندنەوەی کار لە لایەن سەرمایەوە.
کۆمۆنە وەک دژە ڕاستەوخۆکەی ئائەم ئیمپراتۆریەتە سەریهەڵدا. وە دروشمی "کۆماری کۆمەڵایەتی" کە پرۆلیتاریای پاریس لە شۆڕشی شوباتدا هەلهەلەی بۆ لێدەدا، هیچ نەبوو تەعبیرێکی شارراوە نەبێت لەو خواستە کۆماریەی نەک هەر شێوەی پادشایەتی حوکمی چینایەتی و بەس، بەڵکو خودی حوکمی چینایەتی خۆیشی لەنێودەبرد ..

پاریس، بارەگای ناوەندیی دەسەڵاتی حکومەتی کۆن، وە لە هەمانکاتدا، پایەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاری فەرەنسی، چەکی کردەشان لەڕووی کۆششەکانی تییرو ئەنجوومەنەکەیدا کە لە نوێنەرە دێهاتیەکان پێکهاتبوون، بۆ گێڕانەوەو نەمر کردنی ئەو دەسەڵاتە حکومیە کۆنەی بە میرات لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆی مابووەوە. بەڵام پاریس نەیدەتوانی بەرگری بکات ئەگەر لە پێشدا لە سوپا ڕزگاری نەبوایە .. هەر لەبەر ئەوە یەکەمین بریاری کۆمۆنە هەڵوەشاندنەوەی سوپای هەمیشەیی و گۆڕینی بوو بە چەکدارکردنی گەل.
کۆمۆنە لەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی شارەوانی پێکهات کە بە دەنگدانی گشتی لە هەموو بازنەیەکی جیاوازی شاردا هەڵبژێردران. ئەمانە بەرپرس بوون و هەرکاتیش پێویست بوایە لەو بەرپرسیە دادەماڵران. زۆربەشیان بە شێوەیەکی سروشتی لە کرێکاران بوون، یان لە نوێنەرە دانپیانراوەکانی کرێکاران بوون.
کۆمۆنە لیژنەیەکی پەرلەمانی نەبوو، بەڵکو جەستەیەکی گشتی

بوو کە هەردوو دەسەڵاتی بریاردەرو جێبەجێکاری لەژێر دەستدا بوو لە یەککاتدا. پۆلیسیش کە بەر لەو کاتە، ئامرازێک بوو بەدەست حکومەتی ناوەندیەوە، لە هەموو فەرمانە سیاسیەکانی داماڵراو کرایە ئامرازێکی بەرپرسی کۆمۆنە کە هەرکات پێویست بوایە دەبوایە بگۆڕدرایە. ئەمە بە هەمان جۆر، فەرمانبەرانی هەموو لقە ئیداریەکانیشی گرتەوە. وە ئەندامانی کۆمۆنە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە بەرابەری کرێیەکی کرێکاریدا کاریان دەکرد. وە هەموو ئیمتیازو سوودمەندیی گەورەفەرمانبەرانی دەوڵەت بە خودی ئەو فەرمانبەرانە خۆیانەوە وون بوون. وە ئیتر ئەوە بەسەرچوو کە فەرمانە گشتیەکان موڵکی تایبەتیی ئەو کارمەندانە بن کە حکومەتی ناوەندی دایدەمەزراندن. وە نەک هەر شارەوانی بەڵکو هەموو دەستپێشخەریەکی تریش کە تا ئەوکاتە دەوڵەت پراکتیزەی دەکرد، گوازرایەوە بۆ کۆمۆنە.

دوای ئەوەی کۆمۆنە سوپای هەمیشەیی و پۆلیسی هەڵوەشاندەوە، کە هەردووکیان ئامرازی ماددیی حکومەتی کۆن بوون، ئیتر هەر یەکسەر ئەرکی شکاندنی ئامرازی چەوساندنەوەی ڕوحیشی کەوتە ئەستۆ، واتە: "دەسەڵاتی قەشەکان"، ئەمەیش بە هەڵوەشاندنەوەی کڵێساو جیاکردنەوەی لە ئیدارەو داگیرکردنی هەموو کڵێساکانیش وەک موڵکدارێکی گەورە. وە ئیتر لەسەر پیاوانی ئاین بوو بگەڕێنەوە بۆ ژیانە سادەو ساکارەکەی خۆیان وەک ئەو تاکە سادانەی کە وەک پێغەمبەران لەسەر سەدەقەی باوەڕداران دەژیان. هەموو دامودەزگاکانی خوێندنیش خۆڕایی کران بۆ گەل و لە هەمانکاتیشدا، خرانە دەرەوەی کاریگەریی کڵێسا و دەسەڵات. وە هەر بەوجۆرە، هەر تەنها فێربوونی قوتابخانە نەکەوتە

ژێردەستی هەموان و بەس، بەڵکو تەنانەت خودی زانستیش لەو ڕێگریانە ڕزگاری بوو کە وەهمی چینایەتی و دەسەڵاتی حکومی سەپاندبووی بەسەریدا.
هەروەها فەرمانبەرانی دادگا لە هەموو ئەو سەربەخۆییانە ڕووتکرانەوە کە هیچ نەبوو ماسکێک نەبێت سەرشۆڕی و ماستاوچێتی ئەوانی دەشاردەوە بۆ هەموو حکومەتە یەک لەداوی یەکەکان .. وە ئیتر ئەوانیش وەک هەموو فەرمانبەرانی تری کۆمەڵگا، هەڵدەبژێردران بە ئاشکراو هەرکاتیش پێویست بوایە لە بەرپرسیارێتی دەخران.
بێگومانیش دەبوایە کۆمۆنەی پاریس ببێتە نموونە لە هەموو ناوەندە پیشەسازیە گەورەکانی فەرەنسادا. وە ئەگەر سیستمی کۆمۆنی لە پاریس و شوێنەکانی تردا خۆی بگرتایە، ئەوا حکومەتی ناوەندی کۆن جێگای خۆی بۆ خۆبەڕێوەبردنی بەرهەمهێنەران[4] چۆڵ دەکرد لە هەموو ناوچەکاندا ..

وە یەکێتی گەلیش بە شکاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبووە ڕاستیەک کە ئەو دەسەڵاتە خۆی بەو یەکێتیە دەزانی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆ بوو لە گەل، خۆی زل دەگرت بەسەریدا، وە لە واقیعدا دەسەڵاتی دەوڵەت هیچ نەبوو

[4]. شۆڕشی کۆمۆنە (بە زوبانی فەرەنسی : La Commune لاکومیون) بە واتای مارکس هەوڵێک بوو بۆ وەدی هێنانی ژیانێکی هەرەوەزکاری لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبردنی بەرهەمهێنەران. کۆمۆنەیش بە گشتی، بەمجۆرە ناسراوە لە مێژوودا: لە ئەوروپای لاتینیدا کۆمۆنە دەردەبڕی پچووکترین یەکە بووە لە دابەشکردنی ئیداری. لە ڕوسیای کۆندا، کۆمۆنە وەبەرهێنانی پێکەوەیی جووتیارانە کە لەسەر خاوەندارێتی هاوبەش وەستاوە، خاوەندارێتیەک کە پێداویستی و خزمەتگوزاریەکانی ژیانی تیا فەراهەمە بۆ هەموان بەشێوەیەکی هاوبەش. لە سەدەکانی ناوەڕاستی شارەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوایشدا، کۆمۆنە شێوەیەک بووە لە شێوەکانی خۆبەڕێوەبردن (وەرگێڕ).

کرمێکی مشەخۆر نەبێت بەسەریەوە. ئەرکەکانی کۆمۆنەیش ڕینەوەی ئەو ئامێرەی چەوساندنەوە بوو کە پاشکۆی دەسەڵاتی حکومیی کۆن بوو، وە داماڵینی ئەو فەرمانانە بوو لە دەسەڵات کە لەسەروو کۆمەڵگاوە بوون، وە تەسلیم کردنی ئەو فەرمانانە بوو بەو بەرپرسانەی کە خزمەتکاری کۆمەڵ بوون. وە ئیتر لە بری ئەوەی هەر سێ یان شەش ساڵ جارێک بریار بدرێت کام ئەندامی چینی سەروەر نوێنەرایەتی کۆمەڵ بکات و بە پەرلەمان بیچەوسێنێتەوە، ئیتر لە بری ئەوە، مافی هەڵبژاردنی گشتی، خزمەتی میللەتێکی ڕێکخراوی دەکرد لە کۆمۆنەکاندا ..

.. هەربەو پێیە، ئەو کۆمۆنە نوێیانەی کە دەسەڵاتی نوێی دەوڵەتیان تێکوپێکشکاند، لە ژیاندنەوەی ئەو کۆمۆنانەی چەرخەکانی ناوەڕاست دەچوون کە دەکەوتنە بەر لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دەوڵەت .. بینای کۆمۆنییش هەموو ئەو هێزەی بۆ جەستەی کۆمەڵایەتی دەگێڕایەوە کە تا ئەوکاتە دەوڵەتی مشەخۆر دەیمژی و ڕێی لە گەشەی کۆمەڵ دەگرت و هەر لەسەر حسابی کۆمەڵیش خۆراکی دەرخوارد دەدرا .. بوونی کۆمۆنییش خۆی لە خۆیدا، هەروەک شتێکی بەدیهی، لەسەر خۆبەڕێوەبردنی شارەوانیەکان وەستابوو ..

کۆمۆنە بە لەناوبردنی دوان لە گەورەترین بەشی خەرجیەکان: بەشی سوپای هەمیشەیی و بەشی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ئەو دروشمەی کردە ڕاستیەک کە هەموو شۆڕشە برجوازیەکان هاواریان لێهەستابوو بەدەستیەوە، ئەویش حکومەتی کەمترین تێچوون بوو. وە بوونی کۆمۆنەیش خۆی، نەفی کردنی موڵکدارێتی بوو .. وە ئەگەر ئەم مەرجە نەبوایە ئەوا بینای کۆمۆنی موستەحیل بوو، فێڵ بوو. ناکرێت حوکمی سیاسی بەرهەمهێنەران هاوشان بێت بە کۆیلایەتیە کۆمەڵایەتیەکەیان،

بۆیە کۆمۆنە بەو ڕۆڵە هەستا؛ ئەو بنکە ئابووریانە خاپوور بکات کە بوونی خودی چینەکان خۆیان و سەروەرێتی چینایەتییان لەسەر وەستابوو.  وە لەگەڵ ڕزگاریی کاریشدا ئیتر هەموو کەس دەبێتە کارگەرو کاری بەرهەمهێنانیش لەوە دەردەچێت تایبەت بێت بە چینێکی دیاریکراو.
بەڵام شتێکی سەرسووڕهێنەرە: سەرباری هەموو گووتارێکی قەبەو هەموو دانراوە ئەدەبیەکانی ئەم شەست ساڵەی دوایی دەربارەی ڕزگاریی کارگەران، کەچی کرێکاران ناگەنە ئەوەی مەسەلەکەیان بخەنە ژێردەستی خۆیان لە شوێنێکدا، یەکسەر دەنگ لە لایەنگرانی ئەم کۆمەڵگایەوە بەرزدەبێتەوە دژیان، ئیتر ئەمە بە هەردوو بەرە دژ بە یەکەکەیشەوە: سەرمایەیش و کۆیلەی کاری کرێگرتەیش .. وە دەکەونە بیانوو هێنانەوە بۆ ئەوەی گوایە هێشتا کۆمەڵگای سەرمایەداری لە خاوێنترین حاڵەتدایەو باڵغ نەبووەو نەکەوتۆتە سووڕی مانگانەوە، ئەمە گوایە وەک ئەوەی هێشتا ناکۆکیەکانی گەشەیان نەکردبێت، درۆکانی دەرنەکەوتبیتن، حەقیقەتە سۆزانیەکانی ئاشکرا نەبووبێتن! وە دەشڵێن: کۆمۆنە سوورە لەسەر ئەوەی خاوەندارێتی هەڵوەشێنێتەوە -  بنچینەی هەموو مەدەنیەت! بەڵێ سەروەرەکان، کۆمۆنە سوورە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو خاوەندارێتیە چینایەتیەی کاری زۆرینە دەکاتە سامانی کەمینەیەک، سوورە لەسەر داگیرکردنی خاوەندارێتی داگیرکاران. وە کۆمۆنە دەیەویست موڵکدارێتی تاک بکاتە ڕاستیەک، ئەمەیش بە گۆڕینی شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە زەوی و سەرمایە بە ئامرازی کاری ئازادو هاوبەش کە هەتا ئەوکاتە ئامرازی چەوساندنەوەو دەست بەسەراگرتنی کار بوون. -بەڵام ئیتر ئەمەیە کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزمێکی (مەحاڵ)! .. وە ئەگەر

بەرهەمهێنانی هەرەوەزکاریانە قسەیەکی بۆش و هەڵخەڵەتێنەرانە نەبێت، ئەگەر ئەو هەرەوەزکاریانە بخرێنە جێگای سیستمی سەرمایەداری[5]، وە ئەگەر کۆمەڵێک هەرەوەزکاری بەپێی نەخشەیەکی هاوبەش بەرهەمهێنانی نیشتمانییان ڕێکخست و خرانە ژێر دەستی ئەو هەرەوەزکاریانەوە، ئا بەوجۆرە سنوورێک بۆ ئاژاوەی هەمیشەیی و نۆبە دەوریەکان[6] دادەنرێت و ئەمەیش سەرکەوتنی حەتمی دەبێت بەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا -وە لێتان دەپرسین، ئەی سەروەرەکان، ئا ئەمە کۆمۆنیزم نیە کۆمۆنیزمێکی (تەواو مومکین)؟
چینی کرێکار چاوەڕێی موعجزە نەبوو لە کۆمۆنە. وە نەیشیدەویست بە بریارێکی گەل، یۆتۆپیا ئامادەکراوەکان وەدی بهێنێت، بەڵکو دەیزانی لەسەریەتی، بۆ خۆڕزگار کردن و وەدی هێنانی ئەو شێوە بەرزەی ژیان کە کۆمەڵگای ئێستا هەر بەهۆی گەشە ئابوریەکەیەوە تێکۆشانێکی بۆ دەکات ڕێگری لێناکرێت، دەبێت خەباتێکی درێژخایەن بکات و زنخیرەیەکی تەواویش لەو پرۆسێسە مێژووییە ببڕێت کە چ بارودۆخ و چ خەڵکی، بەتەواوی دەگۆڕێت. وە چینی کرێکار لەسەری نەبوو نموویەکی بەرز وەدی بهێنێت، بەڵکو تەنها لەسەری بوو بوار بکاتەوە بۆ ئەو ڕەگەزانەی کۆمەڵگای نوێ کە لە ڕەحمی کۆمەڵگای کۆنی برجوازیدا بەرەو هەرەس دەچوون ..
وە ئەمە یەکەمین شۆڕش بوو بە ئاشکرا دانی پێدا بنرێت کە چینی کرێکار یەکەم چینە دەتوانێت بە دەستپێشخەریە

---

[5]. مەبەست لە بەرهەممهێنانی هەرەوەزکاریەکانە ئەو کۆمۆنە بەرهەممهێن و کارگێڕیانە بوون کە جێگای سیستمی کارکردنی سەرمایەدارییان گرتۆتەوە، واتە سیستمی کاری کرێگرتە کە لەسەر بنەمای ڕکابەریی بەرهەممهێنەران وەستاوە (وەرگێڕ).
[6]. مەبەست لە قەیرانی ئابووریە (وەرگێڕ).

کۆمەڵایەتیەکان هەستێت؛ تەنانەت جەماوەری بەرفراوانیش لە توێژە ناوەندیەکانی پاریس دانیان بەوەدا نابوو -فرۆشیارو بازرگان و پیشەگەرە بچووکەکان- تەنها سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان نەبێت. کۆمۆنە فرۆشیارو پیشەگەرو بازرگانە بچووکەکانی ڕزگار کرد، ئەمەیش بە یەکلایی کردنەوەیەکی حەکیمانەی بابەتێک کە هەمیشە هۆکاری ناکۆکی توێژە ناوەندیەکان خۆیان بووە، ئەویش مەسەلەی قەرزدەرو قەرزدار بوو ..

.. کۆمۆنە جووتیاریشی لە باجدان بە خوێن، ڕزگار کرد .. وە فەرمانکارە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانی خستە جێگای دادنووسی دادوەری و پارێزەرەکان و دادنووسی دادگا و گەلێکی تر لەو خوێنمژانەی لە دادگادا کاریان دەکرد. جووتیاری ڕزگار کرد لە زوڵمی پاسەوانەکان و جەندرمەکانی لادێ و بەڕێوەبەرانی (پارێزگاکان) .. وە ناشتوانین خۆمان لەو بابەتە گرنگ و ئاڵۆزو زیندووە لا بدەین کە بە تەنها کۆمۆنە بوو دەیتوانی چارەیان بکات لە بەرژەوەندی جووتیار: وەک مەسەلەی قەرزی زەویوزار کە هەروەک مۆتەکەیەک وابوو بەسەر پارچە زەویە بچووکەکەی جووتیارانەوە، وە چارەسەر بۆ پرسی پرۆلیتاریای زەوی (دێهاتی) بەهۆی داماڵینیەوە لە پارچە زەویە بچووکەکەی بەخێرایی بەهۆی گەشەی خودی کشتوکاڵی نوێ و شێوازی ڕکابەری کشتوکاڵیی سەرمایەداریەوە ...

ئەرکێکی کۆمەڵایەتی مەزنی کۆمۆنە، بوونی خۆی و چالاکیەکانی بوو بەتایبەتی .. وەک لەناوبردنی کاری شەوی نانەواکان؛ وە کۆتایی هێنان بە کەمکردنەوەی کرێیکارو سەپاندنی غەرامە بەسەر کرێکاراندا بە بیانووی هەمەجۆرەو سزادانیان .. وە ئەرکێکی تریان، تەسلیم کردنی هەموو فابریکەو

کارگەی هەڵاتووەکان وە یان لەکار خراوەکان بوو بە هەرەوەزکاریە کرێکاریەکان ..
ئەو ڕێوشوێنە داراییانەیشی کۆمۆنە پێی هەڵسا .. ڕێوشوێنی دروست بوون و هەر دەتوانرا شێوەیەک بن کە لەگەڵ شارێکی گەمارۆ دراودا بگونجێن. کۆمپانیا داراییە گەورەکانی ئاڵوگۆڕی دراوو بەڵێندەرەکانی بیناسازی لە سایەی هاوسماندا[7] شاری پاریسیان تاڵان کردبوو، بە ئاستێک کە دەبوایە کۆمۆنەیش هەموو شتێکی لێداگیر بکردنایەتەوە ..
.. کۆمۆنە بە پێچەوانەی هەموو حکومەتەکانی کۆنەوە بەبێ جیاوازی، هیچ شتێکی بەلاوە سەخت نەبوو، وە هەموو ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی بڵاودەکردەوەو هەموو کارەکانی ئاشکرا دەکردو جەماوەری لە هەموو کەموکوڕیەکانی خۆی ئاگادار دەکردەوە ..

ئای کۆمۆنە چ گۆڕانکاریەکی سەرسووڕهێنەری لە پاریسدا کرد! ئیتر شوێنەواری پاریسە سۆزانیەکە نەما، پاریسی ئیمپراتۆریەتی دووهەم، وە ئیتر پاریس جێگای یەکتر بینینی خاوەن زەویە گەورەکانی ئینگلیزو ئیرلەندیەکان و ئەمریکیەکان و خاوەن جووتیارە ڕووسەکان و ئۆرۆستۆکراسیەکان نەما کە لە ڕابووردوودا خاوەن کۆیلە بوون و ئێستایش خاوەن نیعمەت. لە پاریسدا تەنها لاشەیەک لە کۆگای لاشەکاندا نەما؛ هەروەک چۆن تاوان و تاڵانی شەوان و ڕووداوی دزی نەما زۆر کەم نەبێت. وە بەکردەوە، بۆ یەکەمجار، شەقامەکانی پاریس، لە شوباتی ١٨٤٨ ەوە، دڵنیاییان تێکەوتبوو سەرباری ئەوەی کە تەنها یەک پۆلیسیشیان تێدا نەبوو.

---

[7]. هاوسمان جۆرج ئۆجین (١٨٠٩-١٨٩١) سیاسیەکی فەرەنسی بۆناپارتی بووەو بەشدار بووە لە کۆدەتای ١٨٥١ دا (وەرگێڕ).

**وە وەک یەکێک لە ئەندامانی کۆمۆنە گووتی:**

"ئیتر چیتر کوشتن و تاڵانی و پەلاماری کەسمان نەدەبیست، وە هەر بە ڕاستی لەوە دەچوو کە پۆلیس هەموو هاوشێوەکانی خۆیی بەکێش کردبێت بەرەو ڤێرسای".

**ئافرەتە سووکەکانیش دوایان کەوتبوون، فرۆشیاری لەزەت بە پارێزگارانی موڵکیەت - وە سەرلەنوێ ئافرەتە پاریسیە ڕاستەقینەکان دەرکەوتنەوە، پاڵەوانەکان، میهرەبان و دڵسۆزەکان، کە هەر لە ئافرەتە کلاسیکیە ڕابووردووەکانی کۆن دەچوون؛ ئەو پاریسەی بە دەم خوێن لێچۆڕانەوە، کارگەریش بوو بیرکەرەوەیش بوو شەڕکەریش بوو. بەڵام پاریس کە بە حەماسەوە هۆشیار بوو بە دەستپێشخەریە مێژووییەکەی، وە لەوکاتەدا کە بە بینای کۆمەڵگایەکی نوێوە خەریک بوو، کەمێک بێئاگا کەوت لە گۆشتخۆرەکانی مرۆڤ کە لە نزیک دیوارەکانیەوە وەستابوون!**

**ڕووبەڕوو لەبەردەم ئەم جیهانە نوێیەدا لە پاریس، جیهانی کۆن لە ڤێرسای -بە هەموو خوێنمژەکانی سەردەمە بەسەرچووەکانەوە .. هەر بە بوونی خۆیان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا، لایەنگیری فیتنەکانی خاوەن کۆیلەکان بوون؛ هیوای مانەوەی کۆمارە پەرلەمانیەکەیانیان دەخواست بەهۆی غروری ئەو دەسەڵاتە قوچکەییەوە کە تەنانەت لە سەروو حوکمیشەوە وەستا بوو .. هەر بەو شێوەیە، ئەو ئەنجوومەنەی نوێنەری هەموو شتە مردووەکانی فەرەنسا بوو، لە ژیانە وەهمیەکەی**

خۆی بەردەوام دەبوو بەهۆی شمشێری جنراڵەکانی لویس بۆناپارتەوە! پاریس، هەمووی حەقیقەتە؛ ڤێرسای هەموو درۆیە؛ نوێنەری ئەو درۆیەیش تییرە ..

***

یەکەمین کۆششی پیلانگێڕانەی خاوەن کۆیلەکان بۆ لێدانی پاریس، ڕێدان بوو بە سەربازە بروسیەکان بۆ داگیرکردنی، بەڵام بەوهۆیەوە کە بیسمارک ئەمەی ڕەتکردەوە، ئەم هەوڵە شکستی خوارد. کۆششی دووهەم، لە ١٨ ی ئازاردا بە تێشکانی سوپاو هەڵاتنی حکومەت کۆتایی هات بۆ ڤێرسای کە هەموو دامودەزگا کارگێڕیەکانیشی ناچار کرد دوای بکەون. وە لەژێر ناوی ڕێکەوتندا لەگەڵ پاریس، تییر دەیەویست سوود لە کات ببینێت بۆ ئامادەکردنی جەنگێک دژی پاریس. بەڵام سوپاکەی بەشی نەکرد. پاشماوەی فەوجەکانی مەیدان ژمارەیان کەم بوو وە مەعنەویەتیشیان ڕووخا بوو؛ بانگەوازەکانی تییریش بۆ ناوچەکانی تر کە بە تاکەکانی پاسەوانی نیشتمانی و خۆبەخشەکانەوە بە هانای ڤێرسایەوە بچن، بە ئاشکرا ڕەتکرایەوە. ناوچەی بریتانیەکان بە تەنها خۆی، دەستەیەکی لە ملکەچەکانی شا ڕەوانە کرد، ئەوانەی لەژێر ئاڵایەکی سپیدا شەڕیان دەکردو هەمووشیان دڵی مەسیحیان بە خامێکی سپی، بە بەرسنگیانەوە هەڵواسیبوو؛ هاوارەکانیشیان لە شەڕدا بریتی بوو لە "بژی پادشا"! بەڵام تییر بەو خێراییە هیچی بۆ کۆنەدەبووەوە تێکەڵەیەک نەبێت لە هێزەکانی مارینزو پاپاییەکان و جەندرمەو پۆلیس و سیخوڕەکانی. ئەم سوپایەیش تا ئاستی پێکەنین بێ توانا بوو، ئەگەر دیلەکانی سوپای بۆناپارت

نەبوونایە کە وورده وورده دەگەیشتنە بەرەوە، ئەوانەی، لە لایەکەوە بیسمارکیش ژمارەی زۆری بۆ دەناردن بۆ بەردەوام بوونی جەنگی ناوخۆیی، لە لایەکی تریشەوە بۆ هێشتنەوەی حکومەتی ڤێرسای وەک پاشکۆیەکی زەلیلی بروسیا. لەکاتی ئەم جەنگەدا، لەسەر پۆلیسی ڤێرسای بوو چاودێری سوپای ڤێرسای بکەن، ئەمە لەکاتێکا کە جەندرمەکان لەسەریان بوو شوێنە هەرە مەترسیدارەکان داگیر بکەنەوە .. بەڵام ئەو شوێنانەی شکێنران؛ بە کڕینەوە نەک بە هێرش بردن، داگیرکرانەوە. ئەمانە بە تییریان دەگووت هێزو ستراتیژە پڕ لە ئەقڵەکەی ئەو بەش ناکات بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرگریەکانی پاریسدا.

لەم کاتەدا، پەیوەندیەکانی تییر بە ناوچەکانەوە، قورس و قورستر دەبوو. ڤێرسای هیچ بانگەوازێکی هاندەرانەی پێ نەبوو بۆ تییر و "پەرلەمانتارە دێهاتیەکانی" .. بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ نوێنەرو نامەی بۆ دەهات بە بێ ڕێزیەوە لەسەر ڕێکەوتن لەگەڵ پاریس .. دۆفۆر، وەزیری دادی تییر، فەرمانیدا لە بڵاوکراوەیەکیدا لە ڕۆژی ۲۳ ی نیسان، هەموو "دروشمێکی ڕێکەوتن" بە خیانەت دابنرێت! وە کاتێک تییر بینی هێرشەکانی بۆ سەر پاریس بێهودەیە، بریاری گۆڕینی تاکتیکەکەییداو ڕۆژی ۳۰ ی نیسانی دیاری کرد بۆ هەڵبژاردنی گشتی شارەوانیەکان لە هەموو وولاتدا لەسەر یاسایەکی نوێی شارەوانی. وە ئیتر تییر، بە دەسیسەی بەڕێوەبەرەکانی لە پارێزگاکانداو بە هەڕەشەیش لە پۆلیس، بڕوای تەواوی بەوە هێنابوو کە هەڵبژاردن لە ناوچەکاندا هێزێکی مەعنەوی وا دەکاتەوە بە بەر ئەنجوومەنی نیشتمانیدا کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەخۆیەوە نەدیبێت، وە لە ناوچەکانیشدا هێزێکی ماددی پێویست وەدەست دەخات بۆ ملکەچ کردن بە پاریس.

**ئەو جەنگە چەتەگەریەی تییر بەرپای کرد دژی پاریس .. لەگەڵ هەوڵی وەزیرەکانیشیدا بۆ دانانی فەرمانڕەوایەتیەکی تێرۆریستانە لە هەموو جێگایەکی فەرەنسادا، ئەمە دوای ئەو سووربوونەی هات لەسەر ڕێکەوتن کە لە سەرەتادا کۆمیدیایەکی بچکۆلەی لە بارەوە پێشکەش کرد، ئەمەیش بۆ ئەوەی مەبەستەکانی، زیاتر لە مەبەستێک بپێکن: تییر دەیەویست هەموو ناوچەکان بخەڵەتێنێت و برجوازیەکانی لە پاریسەوە بۆ ڕابکێشێت، وە هەلیش بڕەخسێنێت بۆ ئەوانەی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا خۆیان بە کۆماری دەزانی، بەهۆی بڕوا بوونیانەوە بە تییر، خیانەتەکانیان لە پاریس بشارنەوە. وە لە ٢١ ی ئازاردا کە هێشتا تییر بێ سوپا بوو، لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا گووتی:**

"چی دەبێت با ببێت، من سوپا نانێرم بۆ پاریس".

**لە ٢٧ ی ئازاریشدا گووتی:**

"من دەستم بە فەرمانی خۆم کردووەو کۆماریش فەرمانی واقیعە، وە منیش زۆر سوورم لەسەر پاراستنی".

**بەڵام لە لیۆن و مارسیلیا، بەناوی کۆمارەوە، شۆڕشیان سەرکوت کرد ....**

**لە نێوان ماوەی ڕێکەوتن و گەیشتنی سەربازە بارمتەکانی بۆناپارتدا، تییر، زیاتر لە هەرکاتێکی تر، بە پێویستی زانی، بەردەوام بێت لە کۆمیدیاکەی دەربارەی ڕێکەوتن. چونکە**

کۆماریە خەتابارەکانی، پێویستیان بە فێڵێکی گونجاو بوو بۆ ئامادەکاریی قەسابخانەیەکی خوێناوی لە پاریسدا ..
وە هەر ئەوەندەی کاتی خۆی هات، تییر لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ڕایگەیاند "بێ ڕەحم دەبم" .. وە دواییش، کاتێک خیانەت دەرگای پاریسی لە جنراڵ دۆیە خستەسەرپشت لە ٣١ ی ئازاردا؛ تییر خۆی لە ٢٣ ی ئازاردا، کۆمیدیاکەی خۆیی لە بارەی ڕێکەوتنەوە ئاشکرا کرد بۆ پەرلەمانتارە دێهاتیەکانی و ئەوانیش وایان دادەنا لەمە تێناگەن:

"بەر لە چەند ڕۆژێک پێم گووتن ئێمە لە ئامانجەکانمان نزیک دەبینەوە، ئەمڕۆیش هاتووم پێتان بڵێم گەیشتینە مەبەست. لە کۆتاییدا سەرکەوتنی ڕژێم و دادپەروەری و مەدەنیەت وەدی هات!"

بەڵێ، ئەوە سەرکەوتن بوو. مەدەنیەتی سیستمی برجوازی و دادپەروەریەکەی، ڕووخسارە شوومەکەی خۆیان هەڵدەماڵن هەرکات کۆیلەکانی و مەزڵوومەکانی دژی سەروەرەکانیان ڕاپەڕین، وە ئیتر ئەوکاتە ئەو شارستانیەتە بەربەریزمێکی بێپرووپۆشەو یاسا ناناسێت .. وە تەنانەت ئەو تاوانانەی برجوازیەکان لە حوزەیرانی ١٨٤٨ دا ئەنجامیاندا، خۆی لە تاوانەکانی ١٨٧١ دەشاردەوە، ئەو تاوانانەی ناتوانرێت وەسف بکرێن. وە پاڵەوانێتیە پڕ لە لێبووردووییەکەی هەموو دانیشتوانی پاریسیش -بە پیاوو ژن و مناڵەوە- بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو دوای چوونەژوورەوەی سەربازەکانی ڤێرسای بۆ ناو شار، مەزنی مەسەلەکەیانی بە گەشاوەیی نیشان دەدا، ئەمە هەروەک چۆن ئەو تاوانە سەربازیە دڕندانەیەیش ڕەنگی تێدا دەدایەوە کە ئەو مەدەنیەتە بۆی هێنا بوو بە کۆمەڵێک جەردەی بەکرێگیراوەوە کە بە بەرگری لەو شارە خۆیان

دەوڵەمەند دەکرد. بەڕاستی ئەم مەدەنیەتە نەمرە کە تووشی گرفتێکی ئێجگار گەورە هاتووە، ئەویش چۆنیەتی ڕزگاربوونە لە لاشە کەڵەکە بووەکانی دوای شەڕ.
وە ئەگەر ویستمان هەڵسوکەوتێکی وەک ئەم هەڵسوکەوتەی تییرو سەگە خوێنڕێژەکانی بدۆزینەوە، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی خوێنڕێژەکانی ڕۆما .. بەڵام ئەمجارەیان ئەو خوێنڕێژیە بەرامبەر بە تەواوی چینێک ئەنجامدرا .. تەنها جیاوازییش ئەوە بوو کە ڕۆمەکان ئەو جۆرە ڕەشاشانەیان نەبوو کە بە جارێک فەوجێک لە دیلەکانی پێبکوژرێت، "یاساشیان لە دەستدا نەبوو"، دروشمی "مەدەنیەت" یشیان لەسەر لێو نەبوو ...
ئەو مەدەنیەتە تاوانکارەی لەسەر چەوساندنەوەی کار وەستاوە، لە هەموو سەرکەوتنێکی خوێناویدا، هاواری هەموو قوربانیەکان؛ ئەو پاڵەوانانەی قوربانی بە گیانی خۆیان دەدەن لە پێناوی کۆمەڵگایەکی نوێدا، دەکات بەژێر هاتوهاوارو درۆودەلەسەیەکەوە کە لە هەموو جیهاندا دەنگدەداتەوە. پاریسی هێمنی کرێکاران، پاریسی کۆمۆنە، هەر لە ناکاوێکدا دەگۆڕدرێت بە دۆزەخیک لەسەر دەستی ئەو سەگانەی "ڕژێم" دا کە تینووی خوێن بوون. ئا ئەم وەحشیگەرێتیەی کە لەسەر ڕێکەوتنی برجوازیەکانی هەموو وولاتان بوو، چی دەسەلمێنێت؟ تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمۆنە پیلانی لە مەدەنیەت گێڕاوە!
گەلی پاریس بە حەماسەوە شێتگیر دەبوون لە پێناوی پاریسدا: لە هیچ شەڕێکیشدا لە مێژوودا، ئەو ژمارەیە لە خەڵکی نەکوژراوە لەوەوبەر. ئەی ئەمەیان چی؟ ئەمە هەر یانی ئەوەی

که کۆمۆنە حکومەتی گەل نەبوو، بەڵکو داگیرکردنی فەرمانڕەوایەتی ژمارەیەک تاوانکار بوو!
ئافرەتانی پاریس لە سەروو سەنگەرەکانەوەو لە شوێنی لە سێدارەداندا شاهیدی ئەدەن. ئەی ئەمەیان یانی یانی چی؟ یانی گوایە گیانی شەڕانیی کۆمۆنە ئەو ئافرەتانەی کردۆتە میجیر و هەکات[8] .. وە ئەگەر کردەوەکانی پاریس بەربەریانە بووبێتن، ئەوە بەربەریزمی بەرگری کردن بوو لە دوڕان، نەک بەربەریزمی سەرکەوتووەکان، ئەمەیش هەروەک بەربەریزمی کریستیانەکان بوو کە هەموو ئەو شوێنەوارە هونەریانەی جیهانی کۆنی بت پەرستیشیان پێوە وێران کرد کە بە هیچ نرخێک پێوانە ناکرێت؛ ئەو بەربەریزمەی مێژوونووسەکان پاساوی ئەوەیان بۆ هێناوەتەوە کە گوایە ئەوە دەبوو هەر ڕووی بدایە، ئەم دیتنە هیچ و پووچەیش هەردەم هاوشانی ناکۆکیە گەورەکانی نێوان کۆمەڵگای نوێ و کۆمەڵگای کۆنی هەرەس هاوردوو بووە ..

با ئەوەیش بڵێین کە هیچ جەنگێکیش لە نێوان بروسیاو کۆمۆنەدا بوونی نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە، کۆمۆنە قبوڵی مەرجە سەرەتاییەکانی ڕێکەوتنی کردو بروسیایش بێلایەنی خۆیی ڕاگەیاند. بروسیا لایەنێکی شەڕ نەبوو. بەڵکو ڕۆڵی پیاوکوژێکی بەکرێ گیراوی خوێڕی دەبینی، چونکە بە شتێکەوە خەریک بوو کە هیچ هەڕەشەو مەترسیەکی ڕووبەڕوو نەدەکردەوە. بروسیا ڕۆڵی پیاوکوژێکی بەکرێ گیراوی دەبینی و پێشوەختیش وەرگرتنی نرخی کوشتارە خوێناویەکەی مەرجدار کردبوو بە ٥٠٠ ملیۆن لە کاتی کەوتنی پاریسدا ..

---

8. دوو خواوەندی شەڕی جادوگەری و تاریکین لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا (وەرگێڕ).

وە پاش تاوانبارترین جەنگ لە جەنگەکانی سەردەمی نوێ، هەردوو سوپای سەرکەوتوو ژێرکەوتوو، پێکەوە دانیشتن بۆ ئەوەی بەشداریی لە سەرپڕینی پرۆلیتاریادا بکەن .. سەروەرێتی چینایەتی چیتر خۆی لەژێر بەرگی نەتەوەییدا بۆ نەدەشاردرایەوە؛ حکومەتە نەتەوەییەکان دەستێک بوون دژی پرۆلیتاریا .. حکومەتە ئەوروپییەکانیش بەرامبەر بە پاریس، مۆرکی دەسەڵاتێکی چینایەتی جیهانیان لەخۆگرتبوو ..

.......

پاریسی کرێکاران و کۆمۆنەکەی، تا هەتایە جێی ڕیزن، ئەمەیش بەو واتایەی مژدەبەخشی کۆمەڵگایەکی نوێن.

## مۆرکی کۆمۆنە

ئامێری دەوڵەتی ناوەندی، بەهۆی لقە سەربازی و ئاینی و دادگاییە ئاڵۆزەکانیەوە لە هەموو شوێنێک، هەروەک مارێکی گەورە بە لاشەی زیندووی کۆمەڵگای مەدەنیدا ئاڵاوە، ئەو دەوڵەتەی لە زەمانی پادشایەتی ڕەهادا، وەک چەکێک بە دەستی کۆمەڵگای نوێوە، بۆ ڕزگار بوون لە دەرەبەگایەتی سەریهەڵدا. وە ئیتر ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی بۆ سەروەرەکان و شارەکان و ئاینیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، گۆڕدرا بە ئیمتیازاتی پاشکۆیەتی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی یەکگرتوو. ئەو دەسەڵاتە سەروەرە، دەرەبەگەکانیشی کردە کارمەندی کارگێڕیی پاشکۆ بە دەوڵەت. خزمەتکارانی دەرەبەگەکان و هەرەوەزکاریەکانی شارەکانیش، لە چەک داماڵران و خرانە بەر دەستی سوپای هەمیشەیی. پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی دەسەڵاتی دەوڵەت بە دابەش بوونێکی ڕێکوپێک و زنجیرەداری کار، خرایە جێگای ئاژاوە زاڵە ناکۆکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. شۆڕشی

فەرەنسی کە لەسەری بوو یەکێتی نیشتمانی بەهێز بکات (بۆ دروستکردنی نەتەوە)، هەموو سەربەخۆییە ناوخۆییەکانی تێکوپێکشکاند، ئیتر ئەمە بە زەوی و شارو ناوچەوە. وە لەگەڵ بەردەوام بووندا بۆ تەواوکردنی ئەوەی پادشایەتی ڕەها دەستی پێکردبوو، بە زۆرەملێ، گەشەی دەدا بە سێنتراڵیزەکردن و ڕێکخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت و فراوان بوونی بازنەکەی و زیاد کردنی ئامرازەکانی و فراوان کردنی سەربەخۆییەکەی و فەرمانەکانی بەسەر کۆمەڵگادا - ئەو سەروەرێتیە خرایە جێگای سەروەرێتیە ئاسمانیە سروشتیە بەرزەکەو هەموو قەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش. وە ئیتر هەموو سوودێکی بچووکی پەیوەندی نێوان بەشە کۆمەڵایەتیەکان، لە کۆمەڵگا جیاکرانەوەو لێیشیان سەربەخۆ کران، بەڵکو کرانە دوژمنی کۆمەڵگایش بە ناوی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەوە ..

ئا ئەم (کرمە هەڵاوساوە)[9] مشەخۆرە کە بە کۆمەڵگای مەدەنی شتی دەرخوارد دەدراو خۆیشی بە وەڵامێکی نموونەیی هەژمار دەکرد، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بۆناپارتی یەکەمدا گەیشتە دوا لووتکەی .. ئەم مشەخۆریەیش هەر زیادی دەکرد لە هەرکاتێکدا کە دابەشبوونی کار، دەستەی نوێی خاوەن بەرژەوەندیی تری دەخستە سەر ئەو دابەشبوونە، وە ئیتر ئەمانەیش بە دەوری خۆیان، دەکەوتنە بیانووهێنانەوەی نوێ بۆ دەوڵەت. وە لە جەنگی ١٨٤٨ دا، کۆماری پەرلەمانی فەرەنساو هەموو حکومەتە ئەوروپیەکانی ئەو کیشوەرەیش، ناچار بوون بە بەهێزکردنی ئامرازەکانی سەرکوتکردن و گردکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت و ڕێوشوێنی سەرکوتکارانە دژی

---

[9]. مەبەست دەوڵەتە. مارکس هەمیشە دەوڵەت بە کرمێکی مشەخۆر ناودەبات (وەرگێڕ).

بزووتنەوەی میللی، تاکە دەرئەنجامی هەموو شۆڕشەکانیش چاککردنی ئامێری دەوڵەت بوو لە بری لەناوبردنی ئەو مۆتەکە خنکێنەرە. وە بەشەکانی حیزب و چینی سەروەر، هەریەکە بە دەوری خۆیان، وایان دادەنا کە موڵکیەت (دەسەڵات وەرگرتن) وە ئیدارە کردنی ئەم ئامێرە زەبەللاحەی حکومەت، دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ سەرکەوتووەکان، فەرمانە سەرەکیەکەیشی دروستکردنی سوپایەکی هەمیشەیی و جەماوەرێکە لە خوێڕی و چەکلەکانی دەوڵەت .. وە لە چەرخی پادشایەتی و پادشایەتی ڕەهادا، لە تەموزدا، هەر تەنها ئەوە بەس نەبوو کە ببێتە ئامرازی سەروەرێتی چینایەتی برجوازیەت بە زەبروزەنگ، بەڵکو بووە ئامرازێکیش کە خودی چەوساندنەوەی ڕاستەوخۆی ئابووریشی زیاد دەکرد .. ئەمەیش بە پێدانی داهاتە دەوڵەمەندانەکەی دەوڵەت بە خێزانە برجوازیەکان. وە لە دواییشدا، لە سەردەمی ناکۆکیە شۆڕشگێریەکانی ١٨٤٨ دا، وەک ئامرازێک بەکارهێنرا بۆ شکاندنی ئەو شۆڕشەو هەموو خواستێکی جەماوەری میللی بۆ ڕزگار بوون. بەڵام ئەم دەوڵەتە مشەخۆرە نەگەیشتە گەشەسەندنی تەواو هەتا فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی دووهەم. دەسەڵاتی حکومییش لەگەڵ سوپا هەمیشەییەکەی و بیرۆکراسیەتە بەهێزەکەی و ئەکلیرۆسە گەمژەکەی و زنجیرەی دادگا سووکەکانیدا، لە کۆمەڵگا سەربەخۆ بوون و بوونە کۆمەڵە عەسابەیەکی تاوانکاری فەرمانڕەوا ..

.. پێچەوانەکەی خودی ئیمپراتۆریەتیش - واتە پێچەوانەی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی جێبەجێکاری ناوەندیی کە ئیمپراتۆریەتی دووهەم دواین شێوەی بوو - کۆمۆنە بوو. لەڕاستیدا ئەو دەسەڵاتەی دەوڵەت لە دەستکردی برجوازیەت بوو. لە سەرەتادا بۆ شکاندنی دەرەبەگەکان و دواییش بۆ

شکاندنی بەرهەمهێنەرانی چینی کرێکارو هەوڵەکانیان بۆ ڕزگار بوون. لەوەوبەریش هەموو ڕاپەڕینەکان و هەموو شۆڕشەکانیش، هیچیان نەکردبوو گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتە ڕێکخراوە نەبێت - ئەو هێزە ڕێکخراوە لە پێناوی هێشتنەوەی کۆیلایەتی کاردا- لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر، لە بەشێک لە چینی سەروەرەوە بۆ بەشێکی تریان، ئامرازی چینی سەروەر بۆ چەوساندنەوەو قازانج .. وە وەک ئامرازی خنکاندنی هەموو ڕاپەڕینێکی میللییش بەکاردەهێنرا، بۆ شکاندنی چینە چالاکەکان .. هەر لەبەر ئەمە کۆمۆنە شۆڕشێک نەبوو دژی ئەم یان ئەو شێوەی دەسەڵات، شەرعی، دەستووری، کۆماری یان پادشایەتی، بەڵکو شۆڕشێک بوو دژی خودی دەسەڵات خۆی .. شۆڕشێک نەبوو ئامانجی گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بێت لە دەستی بەشێک لە چینە سەروەرەکانەوە بۆ دەستێکی تریان، بەڵکو شۆڕشێک بوو ئامانجی شکاندنی ئامێرە سامناکەکەی خودی سەروەرێتی چینایەتی بوو. ناکۆکیەکی سادەی نێوان شێوەی جێبەجێکارو شێوەی پەرلەمانیی سەروەرێتی چینایەتی نەبوو، بەڵکو شۆڕشێک بوو بەسەر هەردوو ئەو دەسەڵاتە پێکەوە گرێدراوەدا. دەسەڵاتی پەرلەمانی هیچ نیە پاشکۆیەکی درۆزنانەی دەسەڵاتی جێبەجێکار نەبێت. ئیمپراتۆریەتی دووهەمیش ئا ئەو شێوە کامڵە داگیرکاریەی دەوڵەت بوو. بە پێچەوانەوە کۆمۆنەیش سەرەتای شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەم بوو. چارەنووسیشی هەرچی بێت لە پاریسدا ئەو شۆڕشە بە جیهاندا دەسووڕێتەوە. چینی کرێکاری ئەوروپی و ئەمریکییش جۆرێک لایەنگری بوون هەروەک ئەوەی ووشەیەکی سیحری بێت بۆ ڕزگار بوون ..

وە هەر چینی کرێکاریش بوو دەیتوانی بەهۆی ووشەی کۆمۆنەوە ئەو خواستە نوێیە کۆبکاتەوەو وەدی هێنانی کۆمۆنەی پاریسیش بخاتە ئەستۆی خۆی. فۆرمی ئیمپراتۆریەتی دووهەمیش، دواین دەربڕین بوو لە دەسەڵاتی دەوڵەت ..

.. تەنها پرۆلیتاریایشە بتوانێت بە گەرمەوە، بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەستێت لە پێناوی هەموو کۆمەڵگادا، بۆ لەناوبردنی هەموو چینەکان و سەروەرێتی چینایەتی. تەنها پرۆلێتێرەکانن ئەو پیاوانەی دەتوانن ئەو ئامرازەی سەروەرێتی چینایەتی بشکێنن کە دەوڵەتە، وە ئەو دەسەڵاتە حکومیە ناوەندیە ڕێکخراوە بشکێنن کە داگیرکارانە بۆتە سەروەری کۆمەڵگا لە بری ئەوەی خزمەتکاری بێت ..

بەڵام ئەم شێوەیە لە سەروەرێتی چینایەتی، هەرەسی نەدەهێنا، ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکارو ئامێری حکومی، نەکرانایەتە ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی شۆڕش.

هەرچی پەرلەمانتاریزمیشە، لە فەرەنسادا، لە کۆماری پەرلەمانی و لە کۆدەتاکەی ئایاری ١٨٤٨ دا، گەیشتە کۆتاییەکەی و دواین قۆناغی و دواین کرانەوەی .. وە ئیتر ئەوکاتە پەرلەمانتاریزم لەناوچوو لە فەرەنسادا. وە بە دڵنیاییشەوە جارێکی تر شۆڕشی کرێکاری، سەرلەنوێ لە خۆڵەمێشەکەیدا نەیدەژیانەوە.

سەبارەت بە میللەتیش ئەوەندە بەس بوو میلیشیایەک لەسەر ئاستی نیشتمانی ڕێکبخات بۆ ڕزگار بوونی لە سوپای هەمیشەیی. ئا ئەمە یەکەمین مەرجی ئابووریی پێویست بوو بۆ هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی .. "پۆلیسی سەربەخۆ" لەنێو براو خزمەتکارانی کۆمۆنە خرانە جێگای ئەو دزانە .. وە ئەوەیش هەر خەیاڵێک بوو کە گوایە کارگێڕی و حکومەتی سیاسی دوو نهێنین، یان گوایە ئەو فەرمانە بەرزانەن کە نابرێن

بەڕێوە تەنها بە دەستە ڕاهاتووەکانی مشەخۆرەکانی دەوڵەت نەبێت .. کۆمۆنە بە تەواوی لە زنجیرەی سیاسەت ڕزگاری بوو، وە خزمەتکارەکانی کۆمەڵ خرانە جێگای مامۆستا لووت بەرزەکان و هەر کاتیش پێویست بوایە لادەبران، بەرپرسیارێتی خەیاڵییش گۆڕدرا بە بەرپرسیارێتیەکی ڕاستەقینە .. وە کۆمۆنە کە پێکهاتەیەکی کرێکاریی هەبوو، هەموو چیرۆکە کۆمێدیەکانی هەڵوەشاندەوە دەربارەی نهێنیەکان و نیازەکانی دەوڵەت، بەرگری پاریسی ڕێکدەخست و دژایەتی دادگاکانی بۆناپارتی دەکرد، پێداویستی ئەو شارە گەورەیەی ئامادە دەکردو هەموو ئەو کارانەیشی دەکرد کە لە نێوان حکومەت و پۆلیس و ئیدارەدا دابەش کرابوون .. لە ڕۆژی ڕووناکیشدا کاری دەکردو هەرگیز خۆی بەبێ هەڵە نیشان نەدەداو خۆیشی لە پشت رۆتینە بیرۆکراسیەکانەوە نەدەشاردەوە، شەرمیشی نەدەکرد لە داننانا بە هەڵەکانیداو لە چاککردنیاندا. پێکەوە هەموو کارگوزاریە گشتیەکانیان بەڕێ دەکرد -سەربازی، کارگێڕی، سیاسی- وە ئەو کارگوزاریانەشیان بەکردەوە کردبووە کاری کرێکاری لە بری ئەوەی دەستکەوتێکی نهێنی چینێکی نهێنی بێت ... وە کۆمۆنە هەر بەبوونی خۆی زیندوویەتی خۆی دەسەلماندو بە کردارەکانیشی تیۆریەکانی دەسەلماند ..

وە ئەگەر هەموو شارە گەورەکان لە کۆمۆنەکاندا ڕێکبخرانایە لە شێوەی پاریسدا، ئەوا هیچ حکومەتێک نەیدەتوانی ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت بکات .. فەرمانەکانی دەوڵەتیش گۆڕدران بە کۆمەڵە فەرمانێک کە پەیوەندییان بە ئامانجی نیشتمانی گشتیەوە هەبێت ..

.. وە ئیتر ڕزگاریی کار لە بەرزترین ئامانجیدا، دەستی پێکرد، ئەمەیش بە ڕامالینی کارە بێبەرو بێسوودەکانی مشەخۆرەکانی

**دەوڵەت: کۆمۆنە لە لایەک ئەو ڕەگە شەڕانیەی لە بنەوە هەڵکێشا کە گەورەترین بەشیان لە داهاتی نیشتمانی بەکاردەهێنا بۆ مەخلوقە سەیروسەمەرەکەی دەوڵەت و لە لایەکی تریشەوە بە مووچەیەکی کرێکاری، کارە بەکردەوەکانی ئیدارەی ناوخۆیی و نیشتمانیی بەڕێوەدەبرد ..**
**ئەو گۆڕانکاریە ئابووریەیشی کە دەبوایە وەدی بهێنرایە، هەر تەنها گۆڕینی دابەش کردن نەبوو، بەڵکو ڕێکخستنەوەیەکی نوێی بەرهەمهێنانیش بوو، واتە ڕزگار بوون بوو لەو فۆرمە کۆمەڵایەتیانەی لە ڕێکخستنی ئێستای کاردا هەیە (ئەو فۆرمەی پیشەسازی نوێ جێی هێشتووە) .. وە لە دواییشدا دەبێت وەدی هێنانی ئەو فۆرمانە، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و ئینترناسیۆنالیستی بن ..**

**سەرچاوە:**

کارل مارکس، کومونة باریس
کۆکردنەوەو وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی فارس غصوب.

# بیرەوەری شۆڕشی کۆمۆنەی ١٨ ی ئازاری ١٨٧١

---

کۆبوونەوەی جەماوەری زیندووکردنەوەی یادی ١٨ ئازاری ١٨٧١ ئەم بریارانەیدا:

١. ئەو بزووتنەوە نەمرەی لە ١٨ ی ئازارەوە دەستپێدەکات، بەرەبەیانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیە مەزنەیە کە بۆ هەمیشە مرۆڤایەتی لە حوکمی چینەکان ڕزگار دەکات.

٢. ئەو کۆبوونەوەیە ڕایدەگەیەنێت، تاوانەکانی هاوپەیمانە برجوازیەکانی هەموو ئەوروپا لە دژی کارگەران، هەموو کۆمەڵگای کۆنی، حوکم داوە بە مردن، ئیتر شێوەکەی هەرچۆن بێت، پادشایەتی بێت یان کۆماری.

٣. هێرشی خاچدارانەی هەموو حکومەتەکان دژی ئینترناسیۆنالیزم، وە ترسی فرسالیەکان و بروسیە

سەرکەوتووەکان، هەموو سەرکەوتنێکیان ڕەتدەکاتەوە، وە دەیسەلمێنێت سوپایەکی پرۆلیتاری جیهانی، لە دوای ئەو پاڵەوانە پێشڕەوەوە کە تییرو هاوبەشەکانی شکاندیان، هەڕەشەیان لێدەکات.

---

بە زمانی فەرەنسی نووسراوە لە لایەن کارل مارکسەوە لە نێوان ۱۳ و ۱۸ ی ئازاری ۱۸۷۲ دا.

هەمان سەرچاوەی پێشوو

## بۆ لۆدفیك كۆگلمان ( لە هانۆڤەر )

---

لەندەن ، ۲۱ نیسان ۱۸۷۱

.. وەک دەبینیت، من هەر لە دواین فەسڵی کتێبی ۱۸ برۆمێردا، ئەگەر جارێکی تریش بیخوێنیتەوە، نووسیوومە، کۆششی داهاتووی شۆڕشی فەرەنسا، نابێت گواستنەوەی ئامێری بیرۆکراسی و سەربازی بێت بۆ دەستێکی تر، وەک تا ئێستا هەروا بووە، بەڵکو دەبێت شکاندنی ئەو ئامێرە بێت. وە ئەوە مەرجی یەکەمی هەر شۆڕشێکی میللیە کە لەم کیشوەرەدا ڕوو بدات. وە هەر ئەو هەوڵەیش بوو هاوڕێ پاڵەوانەکانمان لە پاریسدا پێی هەستان.

بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە

هەمان سەرچاوەی پێشوو

# هۆکاری تێشکانی شۆڕشی کۆمۆنە

---

شۆڕش دەبێت لە هاریکاریدا بێت، ئەمەیش لەو تاقیکردنەوە مەزنەی کۆمۆنەی پاریسەوە فێر بووین کە تێکشکا، لەبەر ئەوەی لە یەککاتدا، لە هەموو شوێنە سەرەکیەکان، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری مەزن ڕووی نەدا هاوشان بە ئاستی بەرزی تێکۆشانی پرۆلیتاریای پاریس.

کارل مارکس

# شۆڕشی ڕووسی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی کۆمۆنە بوو

"ڕوسیا پەڕگیر ناژی لە جیهانی هاوچەرخ .. وە ئەگەر توانای تیۆریی لایەنگرانی سیستمی سەرمایەداری ڕووس ئەو نموونەیە لە پێشکەوتن ڕەت بکاتەوە، ئەوا من لێیان دەپرسم: ئەی ڕوسیا لەسەری نەبوو هەروەک خۆرئاوا، بە باخچەی ساوایانی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی ئامێریی سەرمایەداریدا تێبپەڕێت تا بتوانێت ئامرازو کەشتی، هێڵی ئاسنین، وە شتی تری لەو جۆرە بەکاربهێنێت؟ دەبا لە هەمانکاتدا بۆم ڕوون بکەنەوە ئەوە چۆنە وا بە یەکجاری میکانیزمی ئاڵوگۆڕ چۆتە لایان (بانکەکان، کۆمپانیای سلفە، وە زۆری تر) کە ئەمانە لە خۆرئاوادا چەند سەدەیەکیان پێویست بوو بۆ دروست بوون؟ ...

بۆ ڕزگارکردنی کۆمۆنەکانی ڕوسیا (المشاعة الروسية)، دەبێت شۆڕشێک ڕوو بدات لە ڕووسیادا. حکومەتی ڕووسی و "لایەنە

نوێکانی ئەم کۆمەڵگایە" هەموو توانایان بەکاردەهێنن بۆ ئامادەکردنی جەماوەر بۆ ئەو کارەساتە. وە ئەگەر شۆڕش بە هەموو توانایەوە، لە کاتێکی گونجاودا ڕوویدا، ئەوا گەشەیەکی ئازادانەی کۆمۆنە دێهاتیەکان مسۆگەر دەکات، ئا ئەمەیش بە خێرایی دەبێتە ڕەگەزێکی ڕاپەڕینی کۆمەڵگای ڕووسی و ڕەگەزی سەرکەوتن بە بەراوورد لەگەڵ ئەو وولاتانەی لەژێر باری سیستمی سەرمایەداریدان" (كارل ماركس، المسودة الاولى للرد على رسالة ف . أ . زاسوليتش).

"لە کاتی ڕوودانی شۆڕشی ١٨٤٨ - ١٨٤٩ دا، پادشاکانی ئەوروپاو برجوازیەکانیشی، لە بەشداری ڕوسیادا، ئامرازی ڕزگاربوونیان دەبینی لە چنگ پرۆلیتاریا کە لەوەدا بوو بەخەبەربێت، بۆیە ئەوکاتە قەیسەریان بە سەرکردەی کۆنەپەرستیی دادەنا لە ئەوروپادا. بەڵام ئەمڕۆ قەیسەر لە گاتشینا دیلی جەنگی شۆڕشە، وە ڕوسیایش بۆتە پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێری لە ئەوروپادا ..

.. بۆیە مەسەلەکە لەوەدا دەمێنێتەوە کە بزانین: ئایا لە توانای خاوەندارێتیە کۆمۆنەییەکەی جووتیارانی ڕووسدایە .. ڕاستەوخۆ تێپەڕ بکات بۆ شێوەی بەرزی کۆمۆنیستی خاوەندارێتی زەوی، یان دەبێت لە سەرەتادا، بە دوای هەمان ڕێگای لەنێوچوونی ئازاراوی پێشکەوتنە مێژووییەکەی خۆرئاوادا بڕوات؟

تەنها وەڵام لە ئێستادا بەو پرسیارە ئەوەیە: گەر شۆڕشی ڕووسی بووە هۆی ڕوودانی شۆڕشی پرۆلیتاری لە خۆرئاوادا، وە هەردوو ئەو شۆڕشە یەکترییان تەواو کرد، ئەوا دەشێت خاوەندارێتی کۆمۆنی زەوی ئێستا لە ڕوسیادا ببێتە خاڵی دەستپێکردنی

**گەشەیەکی کۆمۆنیستانە"** (كارل ماركس، مقدمة الطبعة الروسية الثانية، بيان الحزب الشيوعي).

**"پێویست ناکات سۆشیالیستێک بیت بۆ ئەوەی پێشبینی شۆڕشە خوێناویەکانی ئایندەی ڕوسیاو ئەڵمانیاو نەمساو هەروەها ئیتالیایش بکەیت ئەگەر ئیتالیەکان، وەک ئەمەوبەر، خۆیان بەو سیاسەتەوە ببەستنەوە کە ئێستا پەیڕەوی دەکەن. لەو وولاتانەدا سەرلەنوێ هەمان ڕووداوی شۆڕشی فەرەنسی ڕوودەدەنەوە. ئەمەیش بۆ هەموو کەسێک ڕوونە کە ئاگاداری سیاسەت بێت. بەڵام ئەو شۆڕشانە، زۆرینە پێی هەڵدەسێت، شۆڕشێکیش نیە حیزبێک بتوانێت پێی هەستێت، ئەوە تەنها گەلە بە شۆڕش هەڵدەستێت"** (من مقابلة بين كارل ماركس ومندوب الجريدة الامريكية (CHICAGO TRIBUNE) في النصف الاول من كانون الاول (ديسمبر) 1878، بصدد الثورة الاشتراكية، دار التقدم، موسكو).

# دیارترین بەروارە زەمەنیەکانی کۆمۆنە

پاشکۆی شۆڕشی کۆمۆنە: ئامادەکردنی وەرگێڕ

---

١/٢٨:

خۆبەدەستەوەدانی شاری پاریس لەو کاتەدا کە بەدەست برسێتی و فرت و فێڵ و کەین وبەینی حکومەتی نیشتمانیی تاوانکارەوە دەیناڵاند.

٢/٨:

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە زۆرینەی پێکهاتبوو لە پیاوانی ئاینی، گەورەپیاوانی خاوەن زەویوزار، بۆناپارتیەکان، کۆماریخوازەکان.

:٢/١٧

هەڵبژاردنی تییر بۆ سەرکردایەتی حکومەتی تاوانکاری نیشتمانی.

:٢/٢٦

مۆرکردنی پەیمانی خۆبەدەستەوەدان لە نێوان فافر، تییر، وە بیسمارکدا.

:٣/١

هاتنە ناوەوەی داگیرکاران بۆ ناو پاریس و خۆنمایش کردنیان لە شانزلیزێدا.

:٣/٣

پێکهێنانی گاردی فیدراڵی نیشتمانی.

:٣/١٨

هەوڵ و تواناکانی حکومەت بۆ چەککردنی کرێکارانی پاریس .. ڕوودانی ڕاپەڕین بە یەکڕیزیی لەگەڵ سوپادا .. هەڵهاتنی حکومەتی خیانەتکار بەرەو ڤێرسای.

:٣/٢٠

یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گوندنشینان لە ڤێرسای.

:٣/٢٦-٢٢

جاڕدانی کۆمۆنە لە لیۆن و مرسیلیاو گەلێ جێگای تر .. هەڵبژاردنی کۆمۆنەی پاریس.

:٣/٢٨

جاڕدانی کۆمۆنەی پاریس و دامەزراندنی لە یانەی شارەوانیدا.
:٣/٣٠

فەرماندانی کۆمۆنە بە نەدانی کرێی خانوو .. هەڵوەشاندنەوەی دەزگای پۆلیس .. هەڵوەشاندنەوەی سوپای هەمیشەیی .. داننان بە هەڵبژاردنی پەناهندەکاندا بۆ ئەندامێتی کۆمۆنەکان.

:٤/١

دەرچوونی فەرمانی کۆمۆنە بە یەکسان کردنی مووچەی هەمووان بە فەرمانبەرو کرێکارەوە وەک یەک.

:٤/٢

بریاری کۆمۆنە بە جیاکردنەوەی کڵێساو زانست و قوتابخانە لە ئیدارەی کۆمەڵگا.

:٤/١٢

کۆمۆنە ئەو هێما شۆڤێنیستیەی شکاند کە سەرکەوتنی ناپلیۆنی لە جەنگی ١٨٠٩ دا وەک شەڕی خەڵکی بەرامبەر بە یەکتر نیشان دەدا.

:٤/١٦

کۆمۆنە ستاتستیکی کارگە داخراوەکانی کردو بریاری کردنەوەیانیدا لە لایەن کرێکاران خۆیانەوە بەشێوەی هەرەوەزکاری، ئەو هەرەوەزکاریەیش لە یەکێتیەکی گەورەتردا، بەرەو ڕێکخستن دەچوو لەسەر ئاستی هەموو فەرەنسا کە شێوازی خۆبەڕێوەبردن بوو لە بەرهەمهێناندا.

:٤/٣٠

کۆمۆنە میقسەڵەکانی سووتاند.

:٥/٢٨-٢١

خوێناویترین هەفتە لە مێژوودا کە نزیکەی ١٠٠ هەزار تێکۆشەری کۆمۆنەی تیا قەتڵوعام کراو ژمارەیەکی زۆریشیان دوورخرانەوە.

٥/٢٥:

دواین کۆبوونەوەی کۆمۆنە لە بینای شارەوانیدا.

٥/٢٨:

کۆتایی شەڕ لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران.

١٨٧١ - ١٨٧٤:

دادگایی کردن و لە سێدارەدان و دوورخستنەوەی ئەو کۆمۆنەییە شۆڕشگێرانەی بەدیل گیرابوون.

١) له ڕێڕەوی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، قۆناغێک سەرهەڵدەدات، کە هێزی بەرهەمهێن و ئامرازەکانی دەساودەس کردنی تێدا دەبێتە هێزێکی زیان بەخش هەر لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندیانەی ئێستادا، وە ئیتر لەوە بەدوا ئەمە هێزێکی بەرهەمهێن نیە، بەڵکو هێزێکی وێرانکارە (ئامێرو پارە)، ئەمە هەروەک چۆن -ئەم واقیعە دەبەسترێت بە واقیعێکی ڕابووردووەوە- لەو حاڵەتەدا چینێکیش دروست دەبێت هەموو قورساییەکانی ئەم کۆمەڵگایەی دەکەوێتە سەرشان، ئیتر بەبێ ئەوەی سوود لە تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەربگرێت، بەڵکو ئەو چینە لە کۆمەڵگا کراوەتە دەرەوە، بە جۆرێک کە ناچارە هەر لە جێی خۆیەوەو بە ئاشکرا بکەوێتە ناکۆکیەکی توند دژی هەموو چینەکانی تر، چینێک کە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و سەرچاوەی هۆشمەندیەکی پێویستیشە بۆ شۆڕشێکی بنەڕەتی، هۆشمەندیەکی کۆمۆنیستانە، ئەو هۆشمەندیەی لەلای چینەکانی تریش پێکدێت کاتێک کە وەزعی ئەو چینە دەبینن.

٢) ئەو مەرجانەی کە هێزێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراوی تێدا بەکار دەهێنریت، ئەوانە مەرجی سەروەرێتی چینێکی دیاریکراویشن بەسەر کۆمەڵگادا: هێزی کۆمەڵایەتی ئا ئەم چینە، کە لە شێوەی خاوەندارێتیەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، دەربڕینێکی ڕێکوپێکی بە کردەوەیش دەدۆزێتەوە بۆ شێوە نموونەییەکەی ئەو تەرزە لە دەوڵەت کە تایبەتە بەخۆی؛ ئەمەیش بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو خەباتێکی شۆڕشگێری، دژی ئەو چینە دەسەڵاتدارە ئاراستە بکرێت کە تا ئەوکاتە سەروەرە لە کۆمەڵگادا.

٣) له هه‌موو شۆڕشه‌كانی ڕابووردوودا شێوازی چالاكی كۆن هه‌روه‌ك خۆی ماوه‌ته‌وه به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ گۆڕانێكی به‌سه‌ردا هاتبێت، ته‌نها مه‌به‌ستیش له‌و شۆڕشانه دابه‌شكردنێكی تری ئه‌و چالاكیه بووه، دابه‌شكردنێكی نوێی كار له نێوان كه‌سانێكی تردا. به‌رامبه‌ر به‌وه شۆڕشی كۆمۆنیستی دژی شێوازی چالاكیه‌كانی ڕابووردووه، كار له‌ناو ده‌بات و به هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی چینه‌كانیش خۆیان، سه‌روه‌رێتی هه‌موو چینه‌كان هه‌ڵده‌وه‌شێنێته‌وه، ئه‌مه‌یش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه ئه‌و چینه‌ی به‌و كاره هه‌ڵده‌ستێت هه‌رگیز وه‌ك چینێك دانانرێت له كۆمه‌ڵگادا، وه‌ك چینێك دانی پێدا نانرێت، ئه‌و چینه‌ی هه‌ر له سه‌ره‌تاوه ده‌ربڕی له‌ناوچوونی هه‌موو چینه‌كانه، هه‌موو نه‌ته‌وه‌كانه، هتد، له چوارچێوه‌ی ئه‌م كۆمه‌ڵگایه‌دا ..

٤) له‌مه‌وه ڕوون ده‌بیته‌وه كه ده‌بێت گۆڕانكاری له ژماره‌یه‌كی زۆر له مرۆڤدا ڕووبدات تا ئه‌و هۆشمه‌ندیه‌و ئه‌و گۆڕانه‌یشی كه پێویسته ڕوو بدات، به‌شێوه‌یه‌كی فراوان دروست ببێت؛ به‌ڵام ئه‌م گۆڕانه ڕوونادات به‌هۆی بزووتنه‌وه‌یه‌كی به‌كرده‌وه‌وه نه‌بێت، به‌هۆی شۆڕشێكه‌وه، ئه‌و شۆڕشه‌یش هه‌ر تاكه ئامرازی پێویست نیه بۆ هه‌ڵگێڕانه‌وه‌ی چینی سه‌روه‌ر، به‌ڵكو له هه‌مانكاتدا پێویستیه‌كی تریشی ئه‌وه‌یه كه ته‌نها شۆڕشه ده‌توانێت، به‌ر بۆ ئه‌و چینه واڵا بكات كه چینێكی تر هه‌ڵده‌گێڕێته‌وه، تا بتوانێت هه‌موو ئه‌و بۆگه‌ناوه‌ی سیستمی كۆنیشی پێوه ڕابماڵێت كه پێوه‌ی به‌ستراوه‌و به‌وه‌یش ئاماده‌كاری بكات بۆ پێكهێنانی كۆمه‌ڵگایه‌ك له‌سه‌ر بنكه نوێیه‌كان.

.. ئا بەمەیش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی هیچ شێوەیەکی هۆشمەندی و بەرهەمەکانیشی، بە ڕەخنەی زیهنی چارەسەر ناکرێت .. بەڵکو تەنها بە هۆی هەڵگێڕانەوەیەکی بە کردەوەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوانەوە لەناو دەچێت کە ئەم هەراوهوریا ئایدیالیستەی لێوە لە دایک بووە؛ شۆڕش نەک ڕەخنە هێزی بزوێنەری مێژووە، هەروەک چۆن هێزی بزوێنەری دین، فەلسەفە، وە هەموو تیۆریەکانی تریشە ...
.. ڕەگەزەکانی شۆڕشێکی کامڵیش لە لایەکەوە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی ئێستان، لە لایەکی تریشەوە پێکهاتنی ئەو کۆمەڵە شۆڕشگێریەیە کە نەک هەر دژی مەرجە تایبەتەکانی کۆمەڵگای ڕابووردوو، بەڵکو دژی (بەرهەمهێنانی ژیان) تا ئەوکاتە، دژی (هەموو چالاکیەک) کە بنچینەی ئەو بەرهەمهێنانە بووە، ڕادەپەڕێت. وە وەک مێژووی کۆمۆنیزم نیشانی دەدات، ئەگەر ئەو مەرجانە لە بووندا نەبن، ئەوا سەبارەت بە گۆڕانکاری بە کردەوە، هیچ بایەخێکی نیە ئەگەر تا ئەوکاتە بیری ئەو شۆڕشە سەدانجاریش دەربڕینێکی لەبارەوە لێکرابێت.

لە هەموو تێڕوانینە سەروەرەکاندا دەربارەی مێژوو، هەتا ئێستایش، ئەم بنچینە بەکردەوەیەی مێژوو، یان بە تەواوی پشتگوێ خراوە، یان وەک مەسەلەیەکی سەرزارەکی سەیر کراوە کە گوایە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نیە سەبارەت بە ڕێڕەوی مێژوو. هەر بۆیە گوایە دەبێت بەردەوام مێژوو بەپێی پیوەرێک بنووسرێت کە دەکەوێتە دەرەوەی مێژوو خۆی: بەرهەمهێنانی ژیانی بەکردەوە لە ئەسڵی مێژوودا دەردەکەویت، کەچی مێژووی بەکردەوە وا دەردەخەن وەک ئەوەی گوایە داپڕاو بێت

له ژیانی ئاسایی، شتێک بێت له دەرەوەی زەوی و له سەروویەوە بێت. بەمەیش پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە ڕەتدەکرێتەوە، بەواتا سروشت و مێژوو پێکەوە ناگونجین. هەر لەبەر ئەوەیشە لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە بۆ مێژوو، هیچیان له مێژوو نەبینیوە ڕووداوە مێژوویی و سیاسیە گەورەکان و ناکۆکیە ئاینیەکان و خەباتە تیۆریە هەمەجۆرەکان نەبێت .. وە لە کاتێکا کە فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکان لای کەم پەنا بۆ خەیاڵە سیاسیەکان دەبەن، کە هەرچۆن بێت ئەمە نزیکترە بە واقیع، ئەڵمانەکان هەر له مەیدانی "فیکری بێگەرددا" دەجوولێنەوەو خەیاڵە ئاینییەکان دەکەنە هێزی بزوێنەری مێژوو. فەلسەفەی مێژوو له لای هیگڵ دواین دەرئەنجامی دەربڕی هەموو ئەو مێتودەیە کە ئەڵمانەکان لە نووسینەوەی مێژوودا شوێنی کەوتوون، ئەو مێتودەی کە هیچ بایەخێکی نیە بۆ بەرژەوەندیە بەکردەوەکان، بەڵکو تەنانەت بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و فیکریە ڕووتەکانیش .. ڕێڕەوی مێژوویش تیایا زیاتر وەک لۆژیک نیشان دەدرێت ..

.. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەو ئەڵمانیانە، هەمیشە مەسەلەی بەستنەوەی ئەم قسە بێمانایانە بووە بەو خەیاڵانەوە کە خۆیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەیش یانی گریمانەیەکی بێهودەی ئەو شتانەی کە گوایە مانایەکی تایبەتییان هەیەو دەبێت ئەو مانایە بدۆزریتەوە. بەڵام له ڕاستیدا مەسەلەکە ئەوەیە بە هۆی مەرجە بەکردەوەکانەوە، لێکدانەوەیەک بۆ ئەم چەقەچەقە تیۆریە بکرێت. چارەسەری ڕاستەقینەی ئەم چەقەچەقە تیۆریەیش، هەڵکێشانی ئەو جۆرە بیروبۆچوونانەیە لە هۆشمەندی مرۆڤدا. ئەم گۆڕانە، وەک لە سەرەوە گووتمان، بە گۆڕانکاری بارودۆخێک

وەدی دێت نەک بە دەلیلە تیۆریەکان. ئەم ئایدیا تیۆریانە سەبارەت بە ژمارە زۆرەکەی مرۆڤ، واتە پرۆلیتاریا، بوونی نیە ...

.. هەر بەم پێیە ئەگەر ملیۆنان کەس لە پرۆلێتێرەکان لە هیچ حاڵێکدا، لە مەرجەکانی بژێویان ڕازی نەبن .. ئەوا هەرچۆنێک بێت، ئەو ملیۆنان پرۆلێتێرە، ڕایەکی جیاوازیان دەبێت لەم مەسەلەیەدا، ئەمەیش لە کاتی خۆیدا بە مێتودێکی بە کردەوە، دەسەلمێنن، لە کاتێکا کە "بوونیان" هارمۆنی دەبێت لەگەڵ "ماهیەتیان"، واتە بەهۆی شۆڕشێکەوە.

**سەرچاوە:**

کارل مارکس

الایدیولوجیة الالمانیة، الشیوعیة، انتاج شکل التعامل